# کاتێك مرۆڤ باجی جەستە دەدات

**تامان شاکر**

**ڕەنگە ئەم ناو نیشانەی سەرەوە لای زۆربەی زۆرتان نامۆ بێت، دوریش نییە، خەیاڵتان، بۆ لای باجی خانوو بەرە بچێت،لە وڵاتە سەرمایەدارەکان ژیان لە سەر باج بەندە، جۆری باجەکانیشیان زۆر زۆرن ، باجی خانوو بەرە،باجی قسەکردن بە تەلەفۆن ، باجی کڕینی کەل و پەل و خواردەمەنی لە بازارەکان،باجی بەرهەمی پیشەسازی و کارگە گەورەکان ............هتد.**

**واتە هەر هەنگاوێك هەڵدێنی دەبیّ باج بە دەوڵەت بدەیت،وەك مردن واییە ڕزگاربوونی نییە هەرکەسێکیش کە کار دەکات، دەبێت باج بدات،دەوڵەتیش لە جیاتی ئەوە، خزمەتگوزاری بۆ هاولاّتیان دابین دەکات، زۆربەی ئەو وڵاتانە سیستەمی سۆسیالیان هەیە بە مانا ئابوورییەکەی، ئەو کەسانەی کە بێکارن یان لەبەر هەرهۆیەك کاریان دەست ناکەوێت، یان خەڵکانی بیانی لەو باجە سوودمەند دەبن ولەسەر باجی ئەو خەڵکانە دەژین کە کاردەکەن. هەر بۆیەش خەڵکی بیانی هێندە ناشیرینن لە بەرچاوی خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە باجێکی زۆر دەدەن، بەلاّم ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا باسی بکەم، جۆری باجە لە کوردستان .**

**کوردستان تا ئێستا دەوڵەت نییەو کارگەی گەورەی بەرهەمهێنانی تیادا نییەو، خەڵکیش موچەیان ئەوەندە زۆر نییە باجی لێبدەن، حکومەتیش وەك پێویست نەیتوانیووە خزمەتگوزاری باش بۆ هاولاّتیان دابین بکات، بۆیە حکومەت ناتوانی باجی لەو شێوەیە لە هاولاّتیان وەربگرێت، زۆربەی دەوڵەمەندەکانیش بۆ خۆدزینەوە لە باج هەڵدەستن بە دروستکردنی مزگەوتێك و ماوەیەکی زۆر خۆیان لە کۆڵ باجدان دەکەنەوە،بۆیە بە ڕێکەوتن لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە جۆرە باجێك لە کوردستان دیاری کراوەو خەڵکیش ئەو جۆرە سیستەمە پەیڕەو دەکەن بێئەوەی لێی ورد ببنەوە بیری لێبکەنەوە.**

**، ئەو جۆرە باجەش تەنها لە وڵاتە دواکەوتووەکانی خۆمان ئاسایی هەیە، ئەویش باجی جەستەیە. کە بە تایبەتی ژنان و کەمئەندامان و شێتەکان دەیدەن، کاتێك مرۆڤێك بە کەمئەندامی لە دایك دەبێت، تاوانێکی نەکردووە، لە جیاتی ئەوەی زۆرتر حیسابی بۆبکرێت و خەڵك بە تەنگییەوە بین و هاوکارییان بکەن ، دەبنە گاڵتەجاری ئەم و ئەو ڕۆژانە هەزاران جار بریندار دەکرێن، چەند زۆرن ئەوانەی کە مەرگی خۆیان بە ئاوات دەخوازن ، تەنانەت لەبەر ئەوەی کەمئەندامن و کۆمەڵگە وای لێکردوون متمانەیان بە خۆیان نەمێنی و نەتوانن ڕوو بەروی خەڵك ببنەوە، لە وانەیە هەموو تەمەنیان لە نێو چوار دیواری ماڵەکانیان بەسەر بەرن، کەسیش بیری لە وە نەکردۆتەوە کە ژیانێکی ئاساییان بۆ دابین بکات، یان سەرگەرمی پیشەیەك بن کە لە توانای ئەواندا بێت.**

**ژنان لە هەموو کەس زیاتر ئەو باجە دەدەن، هەموو هەڵس و کەوتێکیان جێگای گومانە بۆ ئەوانی تر تەنانەت جۆری جل و بەرگ لەبەرکردنکەشیان دەبێتە جێگای گومان و نارەزایی کەسانی تر، بە حەق و ناحەق بە ڕەواو نارەوا هێرشیان دەکەرێتە سەر تەنها لەبەر ئەوەی ژنن**

**هەزاران قسەو بوختانیان بۆ دەکرێت، زۆر جاریش کوشتنی بە دوادا دێت، هەمان ڕەفتارو کردار ئەگەر پیاوێك بیکات، کەس باسی ناکات و لەوانەیە دەستخۆشیشی لێبکەن، لەم وڵاتەی ئێمە کاتێك کێشە لە نێوان کەسانێکدا ڕوو دەدات، یەکیّ ئەوی تر بە مەسەلەی ئەخلاقی و جەستەیی تاوانبار دەکات، تەنانەت لە دونیای ڕۆشنبیریشدا ئەم مۆدێلە باوە. کەواتە**

**ژنان لێرەدا باجی مێینەبوونی خۆیان دەدەن.**

**شێتەکان،یان ئەوانەی نەخۆشی دەرونیان هەیە، هەموو ئەو باجە دەدەن، جا ئەوە سەیرترین باجە لە کوردستان، کە دەکرێ تا ئێستا هەستمان پێنەکردبێت، ماوەیەکە دەزگاکانی راگەیاندن باس لە چارەسەری کێشەی کوشتنی ژنان دەکەن ، تەنانەت سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەتیش**
**سەرقاڵی ئەودیاردەیەن بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەك بۆ ئەو تاوانە دژ بە مرۆییە کە رۆژ بەرۆژ روو لە زیاد بوونە .گرنگی مەسەلەکەش لەوەدایە کە جەستەی ژن بۆتە دوژمنی خۆی و ژنان لەسەر جەستەی خۆیان دەکوژرێن، ئەو جەستەیەی کە جەستەی دایك، خۆشەویست و هاورێ و هاوسەری ژیانە، کەمئەندامان و ئەوانەی نەخۆشی دەرونیان هەیە کە ئێمە بە شێت ناویان دەبەین لە بەرنامەی حکومەتدا نین و لە بیرکراون.**
**بەلام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا لە ولأتی ئێمەدا فکر ئازادە تا جەستە ئازاد بێ ؟ ئایا بە بێ ئازادبوونی فکر جەستە ئازاد دەبێت ؟ ئایا کۆمەڵگە و دەوروبەر و ئاین و سیاسەت رێگە بە ئازادبوونی فکر دەدەن؟**
**بۆ چارەسەری ئەم کێشانە دەبێت ئێمە هەوڵی ئازادکرنی فکر بدەین، فکر لۆکۆمۆتیڤە ئەو دەتوانێ فارگۆنەکانی جەستە بەدوایی خۆیدا راکێشێت و بەرەو سەفەری ئاسوودەییان بەرێت.**